وزارتی داد دەنگی مانگرتن لە زیندانی سماوە هەتدەکاتەوە و وردەکارییەکانی هووداوەکە دەخاتەڕوو

وزارتی دادی عێراق ئەمڕۆ پێنجشەممە ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە کە لە سۆشیال میدیادا سەبارەت بە "مانگرتنی گشتی" و پشێوی لەناو زیندانی ناوەندیی سماوە (خەناق) بڵاوبوونەوە ماماڵەی خراپ لەگەڵ زیندانییەکان بەاوکرایەوە.

ئەحمەد لعەیبی وتەبێژی وزارەتەکە لە لەدوانێک بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەموتەڕەع بەدواداچوونی بە کردووە ڕایگەیاند "ئەو هەواڵانەی بەاوبوونەتەوە نادروستن. ڕاستییەکە ئەوەیە کە بابەتەکە سنووردار بووە بە هووداوێک کە تەنها دوو زیندانی تێیدا بەشداربوون". ڕوونیشیکردەوە، "ئیدارەی زیندان دەستیان بەسەر کەلوپەلی قەدەغەکراودا گرتووە، لەنێویاندا شەحنی مۆبایل، ئەمەش وایکردووە ئەو دوو زیندانییە زیان بەخۆیان بگەیەنن و خۆیان لە خواردنی نانی بەیانی بەدوور بگرن".

لعەیبی وتیشی، "ئیدارەی زیندانەکە بانگهێشتی ئەو دوو زیندانییەی کردووە، وە دەخەکە بە تەواوی چارەسەر بووە، لە ئێستادا هیچ ئاژاوە و هووداوێک لەناو زیندانەکەدا نییە".